لە جیاتی سزادان و دادگایی کردن ئەنفالچیەکان بە خوێنی ئەنفالکراوەکان خزمەت دەکرێن

شێرزاد/ s-h-m007@hotmail.com

ئەو دوو وێنەیەی دەیبینن وێنەی خانووی خانەوادەی ئەنفالکراوێك و شەهیدێك و پێشمەرگەیەکی دێرین و کوردێکی کوردپەروەر نییە، ماڵی ئەنفالچیەکە کە رابردووەکەی لای هەمووان روون و ئاشکرایە(ئەنوەر بەگی بێتواتە) لە بێتواتەی تازە لە شاری هەولێر ئەم کۆشکەی بۆ دروستکراوە و بە بڕیارێکی دۆستانەی نێوان خۆی و پارێزگاری هەولێر لە رۆژی 2007/7/25 پێش ماڵەکەی قیڕتاو کرا، واتا بە درێژایی کۆلانەکەی تا پێش دەرگاکەی بە تایبەتی بۆ قیڕتاوکرا بە ئامێر و کارمەندی حکومەت... وابزانم حکومەت لە بری سزادان و دادگاییکردن دەیەوێت ئەم ئەنفالچی و جاش و موستەشار و کوردفرۆش و خۆفرۆشانە خەڵات بکات و خزمەتی تایبەتیان بکات و بایەخیان پێبدات و خانەوادەی پاشماوەی ئەنفالەکانیش لەو پەڕی بێ خزمەت و خزمەتگوزاری و نەهامەتی و بێکاری و کۆڵە مەرگیدا بژین...!! بۆیە با لەوە زیاتر ئارام نەگرین بەرامبەر بەو ئەنفالچیانە و ئەو هەڵوێستە نا جوامێرانیانەی دەسەڵات و کەسانی نا مەسئول و دژە کورد... هەر ئێمە بووین توانیمان چۆك بە سەرسەختترین دیکتاتۆر دابدەین نازانم تاکەی بەرامبەر بەو ئەنفالچی و جاش و دژەکورد و بێ هەڵویستانە بێدەنگ ببین..!!

s-h-m٠٠٧@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com